



# منداڵانی
# باڵەك




گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە-بۆ منداڵانی ( باڵەك ) دەردەچێت.            ژمارە ( ٥ - ٦ ) کانوونی دووەم ٢٠٠٩

## پیرۆزبێت ساڵی نوێی - ٢٠٠٩

منداڵانی ئازیز، لە ڕۆژانی دوایینی مانگی کانونی یەکەمی هەموو ساڵێك، گەلانی جیهان بە شێوازی جۆراوجۆر پێشوازی لە ساڵی نوێ دەکەن و ئاهەنگ دەگێرن، گەلانی سەرتا پای دونیا، لە پێشوازی ساڵی نوێدا، هیوا و ئومێدی ئاشتی و خۆشی و بەختەوەری بۆ سەرجەم مرۆڤەکانی سەر ڕووی زەمین دەخوازن. سەرەڕای هەبوونی گرفتەکان لە جیهاندا، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا توانای مێشکی مرۆڤ لە گەشەکردن ناوەستێت و بەردەوام لە دۆزینەوە و داهێنانی ئامێری نوێ دایە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، مایەی خۆشحاڵییە مرۆڤ ساڵ لە دوای ساڵ لە گەشەکردن و پێشکەوتنی زیاتردایە، مرۆڤ نابێت بێ ئومێد بژیت و دەستەوئەژنۆ دابنیشێت، بەڵکو دەبێت مۆمی درەوشاوەی ژیان بەدەستەوە بگرێت و تاریکییەکان لەناوببات.

M. Mergaye 2022

منداڵانی خۆشەویست، ئێوەش هەڵگری چرای ڕۆشنکەرەوەی ژیانن و هەردەم ئومێدبەخشی دواڕۆژی گەلەکەمانن، ساڵی نوێ لە ئێمە و ئێوە دەخوازێت کە بە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی ساڵی ڕابردوومان دابچینەوە، بزانین کە چیمان ئەنجامداوە و لە چ ئەرك و ڕەفتارێکدا کەمتەرخەمیمانکردووە، تاکو لە ساڵی داهاتوودا دووبارەی نەکەینەوە، هەروەها چ کارێکی چاکمان ئەنجامداوە و بڕیار بدەین لە ساڵی نوێدا هەر بەردەوام بین لەسەری و زیاتریش پەرە بە خۆمان بدەین و لە هەموو بوارێکدا بەرەو پێشەوە بڕۆین.

نموونەی هەندێك لەو کارە گرنگانەی کە دەبێت لە ژیانماندا زۆر بایەخیان پێبدەین، وەك:

-بەردەوام باشترکردنی پەیوەندی لەگەڵ دایك و باوك و کەسوکار و دراوسێ و هاوڕێ و مامۆستایاندا.

-بەفیڕۆنەدانی کات و کۆششکردنی زۆر بۆ سەرکەوتن لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا.

-بایەخدان بە خوێندنەوە و بوارەکانی تری خۆرۆشنبیرکردن.

-هاوکاریکردن و یارمەتیدانی هەر کەسانێك کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە.

لەگەڵ چەندین ڕەفتاری تری سوودبەخش بۆ خۆت و کۆمەڵگاکەت کە دەتوانیت بە خۆت بڕیاریان لەسەر بدەیت، منداڵان پێویستە خۆتان لەسەر ئەوە ڕابهێنن کە پلانتان بۆ ژیان و دواڕۆژ هەبێت. لەکۆتاییدا دەڵێین جێگەی داخ و پەرۆشییمانە کە لە ڕۆژانی سەرەتای ساڵی نوێدا، زیاتر لە چوارسەد منداڵی کەرتی ( غەززە )، بە هۆی ستەم و هێرشی نارەوای ئیسرائیل گیانیان لەدەستدا.

| ئیمەیڵی سەرنووسەر | ئەندامی کارا | سەرنووسەر | خاوەنی ئیمتیاز |
| --- | --- | --- | --- |
| muhamada4@yahoo.com | محەمەد عەوڵڵا | محەمەد مێرگەیی | ئیسماعیل گوندەژۆری |

ناونیشان: سەنتەری ڕۆشنبیری چۆمان – گۆڤاری باڵەك          تیراژ: ( ٦٠٠ ) دانە          چاپخانە: ماردین

**چیرۆك:**

## وانەکانی هەنار

**نووسینی/ ئاسودە عەبدوڵلا زادە**
**نیگار/ چۆمان نەجمەدین**



هەنار دوای گەڕانەوە لە قوتابخانە داوای یارمەتی لە دایکی کرد و چووە لای هاوڕێکانی، پێی گوتن: سڵاو هاوڕێیانم چۆنن؟ ئێوە دەزانن ئێستا کاتی قوتابخانەیە و پێویستە هەموومان پابەندبین بە ڕێنماییەکانی دایە و بابە و مامۆستاکانمان؟ ناز گوتی: ئەوە چ قسەیەکە پابەندبوون، من توانای خوێندنم نییە و دەمەوێت هەرچی زووە واز لە خوێندن بهێنم، هەنار گوتی: نازگیان ئەوە تۆ چی دەڵێیت، چۆن واز لە خوێندن دەهێنیت، ئەی نازانی خوێندن چرای ژیانە؟ ئێمە بەخوێندن دەگەینە پلەی هەرە بەرز، بەس تۆ واز لە خوێندن مەهێنە، بەڵێن بێت من خۆم ڕۆژانە وانەکانت پێبڵێم، ناز گوتی: تۆ وانەم پێدەڵێیت؟ کەوابێ من چیبکەم؟

هەنار: دەبێت شەوانە زوو بخەوین تا بەیانیان زوو خەبەرمان بێتەوە و لەکاتی خۆی بگەینە قوتابخانە، بێگومان دەبێت بەرنامەمان هەبێت بۆ خوێندن، دەبێت پێڵاو و پێداویستییەکانی قوتابخانە لە شوێنی خۆیان دابنێین.

لەولاوە ئاری گوتی: هەنار گیان تۆئامۆژگاری ئێمە دەکەیت ئەی خۆت شەوانە زوو دەخەوی؟ هەنار بە گۆرانی وەڵامیدایەوە:

M. Mergaye 2022

**شەوانە زوو دەخەوم**
**تا زوو ئەز ب ئاگابم**
**هیشیار بم لە بەیانە**
**بچم بۆ قوتا بخانە**

ئاری: کەواتە با ئێمە هەمووهان بەڵێن بدەین ڕۆژانە بە ڕێکوپێکی بە وانەکانمان دابچینەوە، بۆئەوەی وەك ساڵەکانی دیکە بە نمرەی باش هەنگاوبنێین بۆ پۆلێکی دیکە.

ناز: بەڵێ وایە دایکم هەمیشە دەڵێ گرنگیدان بە زانست، گرنگیدانە بە ئایندەی وڵات، هاوڕێیان کەوابێ من هەڵەبووم و لێم ببوورن، قسەکانی ئێوە ڕاستن هەنار ـ ئاری بەڵێ بێگومان، هەنار گوتی: دەبێت ئێمە هەوڵبدەین گرنگی خوێندن و زانست بۆ هاوڕێکانی دیکەمان ڕوون بکەینەوە، چونکە ئێمە هاوڕێین.


هەر سێ هاوڕێ بە هیواوە بەرەو ماڵ گەڕانەوە و بەیەك دەنگ دەیانگوت:

**ئێمەی منداڵی هاوڕێ**
**دەبینە ئێنجانەی نوێ**
**گوڵی جوان دەروێنین**
**پاکی بۆ ژیان دێنین**
**ئێوەش وەکو ئێمەبن**
**گوڵزاری ئەو کێوەبن**

# بەش و پارچەکانی کۆمپیوتەر

**بەشی -٢-** **ئا/ محەمەد مێرگەیی**

منداڵە خۆشەویستەکان، لە ژمارەی پێشوودا باسی بەش و پارچە سەرەکییەکانی (**کۆمپیوتەر**)مان بۆ کردن. ئەمجارە هەندێ بەش و پارچەی دیکە باس دەکەین کە وەك ئامێر و دەزگایەکی سەربەخۆ لەگەڵ بەشەکانی دی (**کۆمپیوتەر**) بەکاردێن و هەبوون و بەکارهێنانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزوو و جۆری کاری بەکارهێنەری (**کۆمپیوتەر**)ەکە، کە ئەمانیش بریتین لە:



**١-( پرینتەر ) ( چاپکار ):**

بریتییە لەو ئامێرەی کە بۆ چاپکردنی وێنە و نووسین لەسەر کاغەز بەکاردێت. چاپکاری جۆری ڕەشوسپی و جۆری ڕەنگاوڕەنگی هەیە. هەروەها بە هۆی وایەرێك بە (کەیس)ەوە دەبەسترێت و پێویستی بە وزەی کارەبای تایبەت بە خۆی هەیە.

**٢-( سکانەر ):**

ئەمەشیان ئامێرێکە بەکاردێت بۆ خەزنکردنی وێنە و نیگار و نووسین لە ناو کۆمپیوتەردا. کاری ئەم ئامێرە لە ئامێری فۆتۆکۆپی دەچێت. کاری سکانەر پێی دەگوترێت (سکانکردن). سکانەر توانای سکانکردنی وێنەی ڕەنگاوڕەنگیشی هەیە. ئەو شتەی کە دەمانەوێت سکانی بکەین ڕووەوژێر لەسەر جامی سکانەرەکە دادەنرێت و بە بەرنامەی تایبەت کردارەکە جێبەجێ دەکرێت.

M. Mergaye 2022

**٣-( کامیرا ) و ( مایکرۆفۆن ):**

ئەم دوو ئامێرەش بە هۆی فیشەی تایبەتەوە بە (کەیس)ەوە دەبەسترێن و بەکاردێن بۆ گواستنەوەی وێنە و دەنگ، بۆ نموونە: لە کاتی قسە و گفتوگۆکردن لە (ئینتەرنێت)دا.

منداڵان ئاگاداربن لە کاتی بەکارهێنانی (**کۆمپیوتەر**)دا پێویستە و واچاکە ئامێری خەزنکەری کارەبا واتە (**UPS**) بەکاربهێنرێت و (**کۆمپیوتەر**)ەکەتی پێوە ببەستیت، بۆ ئەوەی لە کاتی کوژانەوە و پچڕانی تەزووی کارەبادا بتوانیت کۆمپیوتەرەکەت بە شێوەی ئاسایی خۆی بکوژێنیتەوە، نەك کارەباکەی لەسەر ببڕێت و لە ناکاو بکوژێتەوە، چونکە زۆر دووبارەبوونەوەی ئەم بارە دەبێتە هۆی تێکچوونی کۆمپیوتەرەکەت.

هەروەها بۆ پاراستنی چاوەکانتان لە کاریگەری تیشکی شاشە، پێویستە جامی تایبەت واتە (فلتەر) بخەینە سەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە. ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری خراپی تیشکی شاشە لەسەر چاوەکانت. یانیش شاشەی جۆری (فلات) بەکاربهێنن.


**تێبینی**/ هەروەك لە ژمارەی پێشوو ئاماژەمان پێکرد، کۆمپیوتەری جۆری (**لاپتۆپ**)، جیاوازە لەگەڵ ئەم جۆرەی ئێمە باسی دەکەین.

## میـــکانۆ

کەریم سمکۆ چۆمانی

ڕەوا وەرە بۆ لامان
وەرە ناو باخچەی ماڵمان
یاری میکانۆ بکــــــەین
پێکەوە خانوو بکەین
جار بەجاریش سەیارە
لەگەڵ باڵی تەیارە
چەند یاری خۆش و ڕەنگین
بە میکانۆی زەرد و شین
دروست دەکەین بە جوانی
بەخۆشی و کامەرانی
دەی زوو وەرە من و تۆ
بکەین یاری میکانۆ





## ئامۆژگاری زستانە

محەمەد عەوڵلا مێرگەیی

ئەی منالآنی ولآت
ئەوە سەرما و سۆڵ داهات
وەرز وەرزی زستانە
خۆتان دا پۆشن گیانە
کاتێ دەچنە خوێندنگە
هێواش برۆن لە ڕێگە
بەسەر سەهۆڵ دامەڕۆن
ئەگینا ئازار دەخۆن
دەخلیسکێن دەکەونە خوار
دەکێشن ژان و ئازار
دەکەونە نەخۆشخانە
لوا دەکــــــەون لە وانە
ئـــــازاری یەکتر مەدەن
پاڵتۆ و ملپێچ لەبەرکەن
ئیتر هەر ساغ بێ لەشتان
بۆ سەربەرزی کوردستان

M. Mergaye 2022







## دایە

شادیە ساڵح مستەفا

تۆی کانگای سۆز دایە گیان
سەرچاوەی خۆشی و ژیان
دایەی ئازیز و شیرین
تۆی مانای میهر و ئەڤین
باوەشی گەرمت دایە
پڕ سۆزترین ئارامگایە
زۆر ماندووبووی تا گۆش بووم
گەر تۆ نەبای من چی بووم
ئەوەی چاك بوو پێت وتم
لە چەوتی دووری خستم
شەونخوونی و تاڵیت چێشت
فرمێسکی زۆرت بۆم ڕێشت
ئەبێ منیش هەوڵدەم
تا ڕەنجت دێنمە بەرهەم
تۆ بی ڕووناکی چاوم
ڕێزت بگرم تا ماوم






---

## ناوی چەند گوندێکی باڵەکایەتی:

شێخوەتمان – بندایزان – خۆشکان – مەران – ئێنێ – مژدەینان – وێزێ- دێڵزە- کەونەخان -وەردە –
ناوەندە – مەمیخەلان – ئاشی برەگوێز – دەربەند – گوندەژۆر – گەلەژێر – ڕایەت – باوەکراوە-خەلان

# شەپقە ناشیرینەکە



لە ڕۆژی کۆبوونەوەی باوکان و دایکان لە قوتابخانەدا، دایکی ورچە بچووکەکە خەریکبوو خۆی ئامادەدەکرد بچێت بۆ قوتابخانەی ورچەکان. ورچە بچووکەکە بە پاڕانەوە وتی: ئەو شەپقەیە لەسەر مەکە، ئەویش شەپقە پەمەیی و پرتەقاڵییەکەی کردە سەری و وتی: ورچە بچکۆل، قسەی بێ مانا مەکە.

ورچەکەش دەستی گرت بە دەموچاوییەوە بۆ ئەوەی شەپقەکە نەبینێت، هەموو جارێك دایکی ئاوا تووشی شەرمەزاری دەکات، چونکە هیچ دایکێکی تر شەپقەی ئاوا لەسەر ناکات. بە دڵتەنگییەوە دوای دایکی کەوت بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکەیان، لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا قردێلە و شتەکانی شەپقەکە بەر لوتی دەکەوتن و ختوکەیان دەدا.

کاتێك گەیشتنە قوتابخانە و لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزین، هەموویان سەیریان کرد، ورچەکەش لە شەرما حەزی دەکرد ئەوەندە بچووك بووایە کە کەس نەیبینیبایە، دەیویست خۆی لوول بکات و هاوڕێکانی نەبینێت، بەڵام دایکی بەرەو قوتابخانە کەوتبووە ڕێ و دەستی بۆ هاوڕێیان بەرز دەکردەوە و سڵاوی لێدەکردن.

ورچەکەش هەر ئەوەندەی پێکرا بە پەلە بڕوات و لە ژووری هەڵواسینی پاڵتۆکان خۆی بشارێتەوە. لە ژوورێکی تر ورچێکی پیر خەریکبوو ئامێر و شتەکانی پیشانی دایك و باوکی ورچەکان دەدا، لە پڕ شتێك ڕوویدا، ترووسکەیەکی پرتەقاڵی دەرکەوت و بەسەر هەموو مێزەکاندا بریسکایەوە، ورچە پیرەکە هاواری کرد: ئەوە ئاگرە، هەمووتان وەرنە دەرەوە، دوای من بکەون.

دوای ئەوەی هەموویان چوونەدەرەوە، بۆیان دەرکەوت کە ورچە بچووکەکە دیار نەماوە، دایکی هاواری کرد کوا ورچە بچووکەکەی من؟ هەر ئێستا دەگەڕێمەوە بۆ ژوورەوە دەیهێنم. ژوورەکان پڕبوون لە دووکەڵ، بۆیە کەوتە سەر ئەژنۆ و بە گاگۆڵکێ چووە ژوورەوە.

ورچە بچووکەکەش لەتاو دووکەڵ هاتبووە دەرەوە و چووبوو بۆ ژووری سەعاتەکان، لە پڕ لەناو دووکەڵەکەدا شتێکی بینی دەجوڵێتەوە، شتێکی خڕ و پرتەقاڵی بوو، لە قەراخەکانییەوە قردێلەی پێوەبوو، شەپقەکەی ناسییەوە و لە خۆشیان نەیدەزانی چی بکات، لەو ساتەدا زۆر دڵی بەو شەپقەیە خۆشبوو.

کاتێك ورچەکە و دایکی هاتنە دەرەوە، هەمووان دەستیان کرد بە چەپڵەلێدان و دەست خۆشیان کرد. مامۆستای ورچە بچووکەکان بە دایکی ورچەکەی وت: سەیری شەپقە جوانەکەت بکە چی لێهاتووە. دووکەڵ ڕەشی کردبوو، قردێلەکانی سەر لێوارەکانی وەریبوون.

ورچە بچووکەکەش وتی: قەیناکات، من پارە کۆدەکەمەوە و شەپقەیەکی گەورەتر بۆ دەکڕم، تۆ ڕاوەستە، بزانە بۆت دەکڕم یا نا!؟

* * *


سەرچاوە: کتێبی/ چیرۆکەکانی بەر لە خەوتن – لە چاپکراوەکانی (خانەی سمۆرە) ساڵی ٢٠٠٦




# *** ڕەنـــــگاوڕەنــــــگ ***

## منداڵان ئاگاداری بەکارهێنانی مۆبایل بن!؟

زیاتر لە ٢٠ پزیشك و پسپۆڕ و شارەزای دەروونی لە ڕۆژنامەیەکی فەرەنسیدا، هەڵمەتێکیان کرد لە دژی بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن منداڵانەوە و داوایانکرد ڕێگە نەدرێت بە بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن منـداڵانی خـوار تەمـەنی ١٢ ساڵییەوە، تەنها ئەگەر لە بارێکی زۆر پێویستدا نەبێت، لەوکاتەشدا دەبێـت بـە بـەکارهێنانی سـەماعەوە بێـت، هەروەها لە جیاتی پەیوەندیکردنی تەلەفۆنیی ڕاستەوخۆ زیاتر کورتەنامە بەکاربهێنن. ئەم هەڵوێـستەش لـەدوای ئەوەوە هات کە چەند لێکۆڵینەوەیەك پیشانیانداوە مۆبایل زەرەر بە لەشی مرۆڤـ بە گشتی و منـداڵان بـە تایبـەتی دەگەیەنێت، بۆ نموونە لە وڵاتی ئیسپانیادا، زۆر بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن دوو منداڵەوە بـووە هـۆی ئـەوەی دوو منداڵەکە ببردرێنە نەخۆشخانە و هەروەها ئەم زۆر بەکارهێنانەی مۆبایل بووە هۆی دواکەوتنیان لە خوێندندا.


M. Margaye 2022

## نۆتەی مۆسیقا چییە؟

نۆتەی مۆسیقا بریتییە لەو زمانەی کە مۆسیقای پێ دەنووسرێت و لە پێنج ڕیز و هێـڵ پێکـدێت کـە هێمـای دەنـگ و ئاوازەکانی بە ڕێکخستنێکی تایبەت و چەند نیشانەیەکی جیاواز لەسەر دەنووسـرێت. ئـەم داهێنانـەش سـاڵی ٧٠٠ی زایینی لەسەر دەستی پیاوانی ئایینی ئیتـاڵی سـەریهەڵداوە و پاشـان لەسـەر دەسـتی (جویـدو ئـوف ئـەریزۆ) لـە ناوەڕاستی ساڵی ١٠٠٠ی زایینی پەرەی سەندووە. کاتێك کەسێك لەدوای مەشـقکردن لەسـەر لێکدانـەوەی ئـەم هێمـا مۆسقییانە شارەزادەبێت، پێی دەڵێن: (ئەو کەسە نۆتە مۆسیقییەکان دەخوێنێتـەوە).



## مـــــەتـــەڵ

منداڵان ئایە دەتوانن ئەم مەتەڵانە هەڵبێنن:

*خەڵك زۆر حەزی لێدەکەن، بەڵام کاتێك بەدەستیان دەکەوێت، بە پێیەکانیان لێیدەدەن، ئەو شتە چییە؟!

*لە باڵندەکان نییە، بەڵام زۆر بە خێرایی هەڵدەفڕێت و خۆی لە هیچ شـتێك نـادات، بـە ڕۆژ دەخـەوێت و بـە شـەو دەگەڕێت و چالاکە، ئەوە چییە؟!



*دەڕوات بێئەوەی دوو پێی هەبێت، دەگرییێت بێئەوەی دوو چاوی هەبێت، ئەوە کێیە؟!

*شارێکی سوورە، دیوارەکانی سەوزن، خەڵکەکەی ڕەشن! ئەم شتە چییە؟

*شتێکە لە ئاسمان هەیە و لە زەوییش هەیە، لە ئاسمان دێتەخوارەوە و خەڵك لەسـەری دەژیـت، ئـەوە چییە؟!

سەرچاوەی ئەم لاپەڕەیە/ گۆڤاری (العربی الصغیر) ژمارە ١٩٥ – کانوونی یەکەم ساڵی ٢٠٠٨

## کەروێشك و ڕێوییەکی فێڵباز

نووسینی/ ئەنەس ئیبراهیم عوسمان
پۆلی/ شەشەمی بنەڕەتی
قوتابخانەی/ چۆمانی بنەڕەتی تێکەڵاو



لە دارستانێکدا کەروێشکێك هەبوو، ڕۆژێك لە ڕۆژان کەروێشکەکە زۆر زۆری برسی بوو، نەیدەزانی چی بکات، دەیویست خواردن بۆ خۆی پەیدابکات، بەڵام نەیدەتوانی ئەمە بکات. کەروێشکەکە ویستی بڕوات، لەناکاو گەیشتە کێڵگەی جوتیارێك، کەروێشکەکە زۆر دڵی خۆشبوو و یەکسەر بە بازێك چووە ناو کێڵگەکە و دەستیکرد بە خواردن، بەڵام لەوکاتەدا ڕێوییەك بە تەنیشت کێڵگەکەدا تێپەڕبوو و بینی کەروێشکێك لەناو کێڵگەکەیە، ڕێوییەکە چووە پێشەوە و کەروێشکەکەش ئاگای لێنەبوو، کاتێك کەروێشکەکە سەری بڵندکرد، بینی ڕێوییەك لەسەر سەریەتی، ڕێوییەکە گوتی: ئەوە چی دەکەیت کەروێشکەفەندی، خەریکی چیت و بۆچی لێرەی، کەروێشکەکە زۆر ترسا و لەرزی، کەروێشکەکە گوتی: زۆرم برسیبوو، کەمێك خواردنم خوارد، ڕێوییەکەش گوتی: ئەگەر جوتیارەکە بزانێت، ئەوا دەتگرێت، ئینجا ڕێوییەکە گوتی: بۆچی نایەیت پێکەوە یاری بکەین و خواردنیش بخۆین، کەروێشکەکە زوو بڕوای بە قسەکانی ڕێوی کردوو و چووە لای، کاتێك کەروێشکەکە خەریکی خواردن بوو، ڕێوییەکە ویستی پەلاماری بدات، بەڵام خۆشبەختانە کەروێشکەکە توانی لە دەستی ڕابکات و دەربازبێت، لەو کاتەشەدا جوتیاری خاوەن کێڵگەکە بەدیارکەوت و توانی ڕێوی فێڵباز بگرێت، بەمجۆرە کەروێشکەکە لەوێ ڕۆیشت و بڕیاریدا جارێکی تر بە قسەی ڕێوییەکان هەڵنەخەڵەتێت.

M.Mergaye 2022

---

### جیاوازی// منداڵانی خۆشەویست ( پێنج ) جیاوازی لە نێوان ئەم دوو وێنەیە بدۆزنەوە:

### ئا/ چۆمان نەجمەدین





# ژاڵــە) کچە بەهرەمەندێکی باڵەکایەتی (

ئا: محەمەد عەوڵڵا مێرگەیی

منداڵە جوان و خنجیلانەکانی باڵەکەیەتی لــەم ژمارەیەشــدا بەهرەمەنــدێکی تــری هاورێتــان لــە بــواری ســروود و شیعرنووسین پێ دەناسێنین کە ئەویش ناوی ( ژاڵە سدیق حوسێن )ە، بۆ زیاتر ئاشنابوونتان پێــی لــە نزیکــەوە، بــەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:



ـ ناوی تەواوت؟

– ژاڵە سدیق حوسێن

ـ تەمەنت چەندە؟

ژاڵە: لەدایکبووی ١٤ـ ١٠ـ ١٩٩٧ م، واتە تەمەنم ( ١٢ ) ساڵانە.

ـ لە چ قۆناغێکی خوێندن دایت؟

ژاڵە: پۆلی شەشەمی بنەڕەتیم لە «قوتابخانەی چۆمانی بنەڕەتی تێکەڵاو»

ـ لە کەیەوە خولیای سروود و شیعرنووسین بووی؟

ژاڵە: لە پۆلی چوارەمی بنەڕەتییەوە پەیوەندیم کرد بە بەشی چالاکی قوتابخانەکانی بەڕێوەبەرایەتی پــەروەردەی چۆمان بە سەرپەرشتی مامۆستا موئەیەد. وە لە ساڵی خوێندنی ( ٢٠٠٨ـ ٢٠٠٩ ) بەشداریم کرد لە ڤیستیڤاڵی چــالاکی قوتابخانەکان لە شاری هەولێر. وە لە سەرجەم چالاکییەکانی قوتابخانەکەماندا بەشداریم کردووە لە بواری سروود و شانۆ و شیعر خوێندنەوە.

M. Mergaye 2022

ـ کێ هاندەری سەرەکیت بووە بۆ برەودان بە بەهرەکەت؟

ژاڵە: بە پلەی یەکەم بــەڕێز ( مامۆســتا موئەیــەد ) بەرپرســی یەکــەی چــالاکی قوتابخــانەکانی بەڕێوەبەرایــەتی پەروەردەی چۆمان. پاشان مامۆستای بەڕێزی قوتابخانەکەمان مامۆستا ( کۆدۆ ).



ـ لە وانەکانی قوتابخانەدا ئاستت چۆنە؟

ژاڵە: تا ڕادەیەکی باش مامۆستاکانم ڕایان لێمە

ـ لە داهاتوودا حەز دەکەی ببیت بە چی ؟

ژاڵە: لە پاڵ برەو دان بە بەهرەکەم حەزدەکەم ببم بە پزیشك بــۆ خزمــەتی هاوڵاتیانی کوردستانەکەم.

ـ چی دەربارەی گۆڤاری ( منداڵانی باڵەك ) دەڵێیت؟

ژاڵە: زۆرباش و پڕ سوودە هەر سەرکەوتوو بن .

نموونەیەکی شیعری ( ژاڵە ) خان:

وانەی هونەر

| -١- | -٢- | -٣- |
| --- | --- | --- |
| وانەی هونەر چەند بەچێژە | قوتابی پۆلەکەمان باشن | مامۆستا و قوتابخانە و ماڵ |
| بۆ ئاستی خوێندن بەڕێزە | وریا و زیرەك و دڵپاکن | هەمیشە دەمهێننە خەیاڵ |
| مامۆستاکەشمان ڕووخۆشە | دەکێشن وێنەی ڕەنگاوڕەنگ | شەو خەویان پێوە دەبینم |
| دەم بەخەندە و زۆر بەڕێزە | دڵسۆزی وڵات و خاکن | وا لە خۆشیان گرتوومە باڵ |
| * * * * | * * * * | * * * * |